# مافی ئافرەت لە ئیسلام بەبەراوورد لەگەڵ ئایینەکانی تر

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**یووسف خۆشناو**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان صابر عزیز**



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حق المرأة في الإسلام مقارنة بالأديان الأخرى

« باللغة الكردية »

يوسف خوشناو

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# مافی ئافرەت لە ئیسلام بەبەراوورد لەگەڵ ئایینەکانی تر

خودای گەورە هەر کە مرۆڤی دروست کردووە زۆر نیعمەتی پێ بەخشیوە بەتایبەتی ئافرەتان کە جوانی و هەست ناسکی و چەندین شتی تری پێ بەخشیون، هەر لەوکاتەی خودای گەورە حەزرەتی ئادەمی دروست کردووە حەزرەتی حەواشی لە پەراسوی چەپی ئادەم دروست کردووە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پیاو و ئافرەت تەواوکەری یەکترن و بەبێ یەکێکیان ژیان بەردەوام نابێ بۆیە پیاو و ئافرەت هەریەکەیان سیفەت و تایبەتمەندی خۆی هەیەو بەتایبەتی ئافرەت لە ئیسلامدا گرنگی زۆری پێدراوەو رێزی لێنراوە هەروەکو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە حەدیسێکی مەرفوعدا دەفەرمووێ: (( سَعَادَةِ ابْنِ آدَمَ ثلاثة : الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ ، وَالْمَسْكَنُ الصَّالِحُ ، وَالْمَرْكَبُ الصَّالِحُ...)) [رواه الحاكم في المستدرك على الصحيحين].

واتە یەکێک لە هۆیەکانی بەختەوەری نەوەکانی ئادەم، ژنێکی چاکە...

*بۆیە لێرەدا بەراوردێک دەکەین لە نێوان ئاینی ئیسلام و ئاینەکانی تر بە چەند خالێک.

١) لە تەورات لە (عەهدی کۆن)دا تیایدا دەڵێ گوایە حەیزی ئافرەت تۆڵەیەکە لە حەزرەتی حەوا کراوەتەوە چونکە لە پەراسووی چەپی ئادەم دروست بووە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە

ئەم قسەیە هی مرۆڤە نەک خودای گەورە بە حەزرەتی موسای ووتبێ بەڵام لە ئاینی ئیسلام دا ئەم مانایە ناگەیەنێ هەروەکو لەم ئایەتەدا دەردەکەوێ کە خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ واتە: یەكێك لە نیشانەو بەڵگەكانی تری ئەوەیە: كە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست كردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایداو لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانەو بەڵگە هەیە بۆ كەسانێك بیردەكەنەوەو تێدەفكرن بۆیە دروست بوونی حەزرەتی حەوا لە ئادەم چەندان سوودو حیکمەتی خۆی تێدایە بۆ نموونە یەکێک لەوحیکمەتانە کاتێک خودای گەورە حەزرەتی حەوای لە پەراسووی حەزرەتی ئادەم دروست کرد کە پەراسووی چەپی دلی تێدایەو جێگای سۆزو خۆشەویستیە ئەمەش ئەو دەگەیەنێ ئافرەت هۆی خۆشەویستیە بۆ پیاو وە بە پێچەوانەشەوە ئەمەش جوانترین رێز لێنانی ئافرەتە لە ئاینی ئیسلام ئەمە لە روویەک لە رووی فسیۆلۆژیەوە حەیزی ئافرەت پەیوەندی بە ئامادەباشی مندالدان هەیە بۆ لە خۆگرتنی هێلکەی پیتراو هەر لەو ساتەی کە حەوا دروست کراوە ئەم سیفەتە خوایەی تێدا هەبووە

٢) لە تەوراتدا لە (عەهدی کۆن)دا هاتووە ئافرەت لە کاتی حەیزدا پیس و گلاوە نابێ بە هیچ شێوەیەک بچیتە لای و لێ ی نزیک ببیتەوە ئەمەش قسەیەکی بێ مانایە چونکە لە ئاینی ئیسلامدا ئەگەر ئافرەت لە حەیزدا بوو تەنها پیاوەکانیان نابێ بچنە لایان بۆ جیماع بەڵام لە گشت حاڵەتەکانی تری وەک نووستن و نان خواردن و خۆشوشتن پێکەوە وچەندەها حالەتی تر ئاسایی یە . بۆیە لەم حەدیسانەی خوارەوە بۆ مان زیاتر روون دەبێتەوە . هەروەکو ابو هورەیرە دەگێرێتەوە لەم فەرمودەیە: (( بينما رسولُ اللّٰهِ -صلى الله عليه وسلم -في المسجدِ فقال :يا عائشةُ ، نَاوِلِيني الثَّوبَ . فقالت : إني حائضٌ . فقال : إِنَّ حَيْضَتَك ليسَتْ في يدِك .فناولَتْه)) [رواه مسلم].

واتە: لە کاتێکدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە مزگەوتدا بوو، فەرمووی: (ئەی عائشە ئەو جلانەم بدەرێ) ووتی: من لە حەیزدام، فەرمووی: (خۆ حەیزەکەت لە دەستتدا نی یە) ئینجا جلەکانی دایە دەستی.

هەروەها لە حەدیسێکی تردا عائشە رەزای خودای لە سەر بێ دەفەرموێ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سەری دەکردە سەر کۆشم و منیش لە حەیزدا بووم ، قورئانی دەخوێند .

وە چەندین حەدیسی تر هەیە کە لێرەدا ناکرێ هەموویان باس بکەین کە دەلالەت لەسەر پاکی ئافرەت دەکا لە کاتی حەیزدا.

٣) لە تەورات لە (عەهدی کۆن) دا تیادا دەڵێت کاتێک ئافرەت مندالی دەبێت ئەو ئازارەی کە دەیکێشێت ئەمە تۆلەیەکە لە حەزرەتی حەوایە بەهۆی فریودانی حەزرەتی ئادەم کە بووەتەهۆی دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت ئەمەش دیسانەوە و دەیلێینەوە قسەی خودای گەورە نی یە  بە حەزرەتی موسای ووتبێ دیارە و ئاشکرایە ئەم قسەیە قسەیەکی بێ بنچینەو هەلبەستراوی مرۆڤە هەروەکو لە سورەتی ئەعراف دا خودای گەورە باسی ئەم مەسەلەی بەجوانی کردووەو لەم سورەتەدا بۆمان دەردەکەوێ حەزرەتی حەوا نەبووتە هۆی فریودانی حەزرەتی ئادەم ،ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە ئەو ئازارەی کە ئافرەت دیکێشێ لە کاتی مندال بووندا ئەمە بەدلنیایەوە خودای گەورە پاداشتیکی زۆری ئەو ئافرەتانە دەداتەوە کە ئەم هەموو ئازارە دەکێشن.

٤) لە تەورات لە (عەهدی کۆن) دا دەلێن ئافرەت سەرچاوەی خراپەو خراپەکاریە ئەمەش پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە هەروەکو پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێ (حتب الي من دنیاکم : النساء والطیب و جعلت قرة في الصلاة)

(واتە لە دونیادا دوو شتم لا خۆشەویست کراوە : ئافرەت وبۆن خۆشی ، نوێژیش رون و رۆشنایی چاومانە)

لە حەدیسێکی تریشدا هاتووە کە پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێ : (سێ شت لە هۆیەکانی بەختەوەری ئاددەمە یەک لەو شتانە ئافرەتە....)

٥) ئەگەر هاتوو تەماشای هەندێک لە ولاتانی وەک چین و یابان و کۆریاو هندستان و چەندین وولاتانی تر کە هەریەکیان ئاینی جیاجیایان هەیە وەک ئاینی (بۆزی و ئاگر پەرستی و مانگا پەرستی و مشک پەرستی و چەندها ئاینی تر ) دەبینین لەم وولاتانە دا بۆمان دەردەکەوێ دەبێ ئافرەت وەکو پیاو ئیش وکاری دەرەوە بکات و بژێوی ژیان پەیدا بکات بەلام لە ئاینی ئیسلام دا بە جۆرێکی ترە کە دەبێ ئافرەت تەنها کاروباری (مالەوەو مندال بەخێوکردن وپەروەردەی بکات) ئەمەش جوانترین مافی ئافرەتە لە ئیسلام دا.

٦) لە زۆر وولاتاندا بەتایبەتی ئەو وولاتانەی کە ئاینیان ئیسلام نی یە ئێمە تەنها لە سەر ئەوان قسە دەکەین دەبینین بە هیچ جۆرێک لە خێزانێکدا مافی دایک و باوک نەدراوە بە جۆرێک کاتێک کە پیر دەبن فرێ دەدرێنە تەمبەل خانە و خانەی پەک کەوتووان ئەمەش شتێکی نامرۆڤانەیە بەو جۆرە رەفتار کردن لە دایک و باوک بە تایبەتی دایک کە زۆر ئەزیەتی بە منالەکانی کێشاوە بۆیە هەر ئاینی ئیسلامە پێچەوانەی ئەم رەفتارە ناشرینەیە چونکە دایک و باوک لە ئاینی ئیسلام دا زۆر گەورەیە

هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ﴾ .

واتە: (لێرەدا خوا ئامۆژگاریەکان لە دەمی لوقمان دەفەرموێت): ئێمە فەرمانمانداوە بە ئادەمیزاد بە چاک ڕەفتاری لەگەڵ دایک و باوکیدا، دایکی بە ئێش و ئازارو لاوازی و بێتاقەتیەکی زۆرەوە، (بە پێستی سکی نۆ مانگ) هەڵی گرتووە، بڕینەوەشی لە دوای دوو ساڵە، فەرمانمان پێدا کە ئەی ئینسان سوپاسگوزاری منیش و دایک و باوکیشت بە، دڵنیابن کە گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە.

هەروەکو پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)لەم وحەدیسانەدا دەفەرموێ :

* (( ألا أنبِّئُكم بأكبرِ الكبائرِ . قُلنا : بلَى يا رسولَ اللَّهِ ، قالَ :الإشراكُ باللَّهِ، وعقوقُ الوالدين...)) [ رواه البخاري ]، واتە: (ئایا هەوالی تاوانە هەرە گورەکانتان پێ بلێم: بریتین لە هاوبەشی دانان بۆ خوداو ئازاردانی دایک و باوک).

* ((رغم أنفه . ثم رغم أنفُه . ثم رغم أنفُه . قيل : من ؟ يا رسولَ اللهِ ! قال : من أدرك والديه عند الكبرِ ، أحدَهما أو كليهما ، ثم لم يدخلِ الجنة)) [ رواه مسلم ].

واتە لووتی ئەو کەسە بە قوردا چێت کە دەگات بە دایک و باوکی یان یەکێکیان لە کاتی پیریدا ، خزمەتێکی وایان ناکات کە پێ ی بچێتە بەهەشت ).

*جارێکیان پیاوێک هاتە خزمەتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لێ ی پرسی ئەی پێغەمبەری خودا کێ لە هەموو خەلک شایستەترە بیکەمە هاوەڵم و چاکەی لە گەڵدا بکەم ؟ فەرمووی: دایکت. گوتی پاشان کێ ی تر ؟ فەرمووی: دایکت. گوتی پاشان کێ ی تر؟ فەرمووی: دایکت گوتی پاشان کێ ی تر؟ فەرمووی: باوکت.

کەواتە دایکیش وەکوو ئافرەت مافی تایبەتی خۆی هەیە و لە ئیسلامدا ڕێزی زۆری لێنراوە.

بۆیە لە کۆتاییدا پێویستە هەموو موسوڵمانێك شوکرانەی خودای گەورە بکات بەوەی کە ئێمە ئایینێکمان هەیە کە ئاینی ئیسلامە پرە لە شتی جوان و پر حیکمەت بە جۆرێک هیچ کەموکوڕییەکی تێدا نییە بەڵکوو ئایینێکە تا ڕۆژی قیامەتە بۆیە پێویستە پابەندی یاسای شەریعەتی ئیسلام بین.

سەرچاوە: سایتی دەنگی ئیسلام.